# ئێرۆسا

ئیسماعیل خورماڵیٚ

به زستانی قرچه قرچ و به هاوینی پرووشەوه
ئەم مەخلووقه سەرگەردانەی قاپی عیشق و هیجرەتی ڕۆژ
لەگەل تەرزەو هەڵەمووتی هەر ڕۆژێکدا
كه چووبێته ناو سێبەره ڕژاوه كانی مناڵی و
ئێوارەیەك جێ پێ ی عیشقی هەڵگرتبێ
سپیدەیەك له ختورەی خۆشەویستی و
له گرەوی مەرگ و عیشق ڕووانیبێتی
هەربۆ ئەوینی تۆ بووه
ئەی تۆ له كتێبەكانی ئیسماعیل زێدەتر بلێ كامه ماڵت
له ڕەشایی چاوانی من زێده تر بلێ كامه چاو
جێ ی تەوافی خۆشەویستی و ملەت بووه
دوورم دوورم دەتۆش گوڵم
هەر به دووری باسووقی ئەم شیعره بچوو
ئەم سەر شێتی خانه خەرابه
ئەو دەمانەی تۆ له شارا
بۆ بەیانی باشێكی ئەم سەرت به ماڵی زۆر شیعرا دەكرد
ئەم ئەم له سەختایی نێوان سەعاته تاریكەكانا
هەر كوێره زێ یەك مەرحەبای بكردایه
ئەم فرمێسك و ئەم ماسی ڕۆحی دەدایه
له عیشقی چاوانی ئێوا
كەم جۆگەما ئەم سەرشێتی خانەخەرابه
دەس لەناو هەناری سنگیا به ڕنگ نەكاو
جەستەی نەداته بەرڕێژنەو
بەر پشكۆی ختوكەكانی شەو
من دەمناسی ئەو سەرشێتی خانەخەرابه
كه حیرسی نیشتمان دەیگرت من حەوت ڕەوەز دوور دەوەستام
تا نەگوێم به فوغان پڕبێ و
نه گوێم له خوڕەی هەناسەو هەنسك ی بێ
من دەمزانی لەگەڵ بزەی بەرەزای هەر زەمەنێكدا00

هەڵتوتایە00هەڵتوتایە و
سەری لەناو00ڕیحانەکانی دووکەڵا 00سپی بووایە00
ئیدی ئەو00ئەو وەك باڵندەیەکی زامار00
بە خەیاڵی پرخەیاڵی ووڵاتەوە دەیزریکاند00
هەرچەن هەرچەن00نیشتمانیش هەر جوانی یەك بوو لەخۆیان 00
ئێوارەیەکی پەمەیی ئاسمانی خۆی00
لەوەتەی بووم بەنوێترین گۆرانی غوربەتی شەڕ
وەك ئیسماعیل00کەم بازننەی خۆرنشین ماوە00
لێرە نەبمە گۆرستانی پێکەنین و
لەکەسەری00لەکەسەری شینە فیرقەتی ڕۆحا00
ئەندێشە بالم نەداتێ و00وە پاڵ وەنەوشەوە00
توترکی ئەم بەیتانەم بەگژدانەیەن00
شیعر خۆش بێت هەموو شتێ00
هەموو شتێ00دەمکاتە رەژووی نیشتمان
لەخەیاڵی لەشە ماسی ژێر ئەتەکی00
هەتا لەحزەی هەڵکزانێك00
درێژتر لە رشێگاکانی00نێوان حەقیقەت وعەدەم00
سادەتر لەهەرەشەکانی موحیبەت00
گەرم تر لەو گوڵەسات و چرکانەی ئەو
وەختێ00لەبەر پەنجەرەی خۆرێکدا00
ئەو 00ئەو پێلوەکانی شین دەکردو00
شەرەن گێزە دۆڕاوەکانی ووڵاتیش
خوێن00خوێن پۆستی ماڵەکانیان بوو00
ئێ ی ئیرۆسا00ئەی هەواری ماندووبوون و00ڕچەیەك لە سەفەری من00
تۆ پێم بڵێ00من چۆن گوڵە سپیەکانی دەربەندی شەو
بە گوڵە هەنارەکانی00بەر جۆگەی ڕۆژ بناسێنم00
من چۆن00چۆن بگەمە ئەو کچانەی
لە پایزا وەرزی گوڵن و
لەبەهارا پایزێکن نەحس و دڵ بەرد00
ئێ ی ئیرۆسا 00وەرە و بڵێ00
بەوەنەوزی تاق تاق کەرەی خۆشەویستی و
بەگلێنەی قەلەباچکەی خوێنەوە خوێن00
کێ زمانی گێڕاننەوەی بیردەمێنێ و00کێ00
کێ حیکایەتی سنەوبەرە پیرەکانی لێ ناگۆرێ00

ئێ ی ئیرۆسا00ئەی پەنجەرەی شەکەتی من00وەختێ کە من00
وەختێ کەمن 00شێتایەتیم کەوتە چەپڵە و
بێ ڕوخسەت 00بێ ڕوخسەت لە شیعر و
لە عوشاقی شیعریش دیسان00
کتێبە پایزییەکانی شارو
ڕەنگە بێ ئابڕوو وەکانی نیشتمان و
مەیخانە ڕۆشنەکانی ڕێ و00
ئێوارانی00شارێکم لە خەڵوز چۆڵ کرد00
تۆ بەر حەوشەی00ماڵێك بووی لە دۆڕان نزیك00
وەختێ کەمن00لەتەك ڕێوییە لەرەکانی حەیاتێك چووم
ئیدی ویقاری بڕیارێ00مینا مینا سەری دایکم
لە سرکەیی سەفەرێکدا جێ ی کردمەوە00
ڕێگەکانی پشت تونێلی ئاسودەیی و
هەنارە مێخۆشەکانی لاڕێ ی عیشق و
وەکو ماسیش00
چرپەکانی ماڵێك لە ئاو00
بەخۆرهەتاوێکی غەریب بناسێنم00
خۆرەتاوێ00بۆ چرۆکانی موحیبەت00
خۆرەتاوێ بۆ ژووان و
خۆرەتاوێ بۆ خزم و خوێش00
ئێ ی ئیرۆسا 00وەختێ کەمن00
خاڵخالۆکەی سەر تەوێڵی ڕاڕیی تۆم00
دەدایە لەپی پێکەنین00
خۆرنشینێ بە فرمانی خۆشەویستی
کەوتمە عیشقی00چەقۆکانی برایم و
بەڵام مانم 00مانم لەوێ
لە دەس دانی شەمامەکانی عیشق بوو
بۆیە شەوێ گەرچی ترس 00وەکو بەفر00
سلێمانی لەسەر پشتی ئەسپێك دەنا و
من ئەو هەرەمی قرچاوی باروت خانەم دا بەکۆڵاو
تا هەرمێ کەی دڵیشم جێ هێشت00کەژووان بوو00
بەڵام خەسار00لە یەکەم دەربەنی شارا
لەسەر ئەسپی بەفر گلام00
قۆردونێکم لە دەست وون بوو00

سەنگایی ڕۆح خۆشەویست بوو
دایکم ئەوسا
لە پوولەکەی ماسیە گەورەکانی زەڵم و
لە شیلانەکانی سەری00پێ ی بەخشی بووم00
خەسار دایە00نایەتە بیر00وەرزو ساڵی پێکەوە بوون
بە ژمارەی پلیکانەکانی سەربان00هێندە ساڵە00
کەسمان 00کەسمان گوێمان لە نوکتەی یەك نەبووە و
کەسمان پێکەنینی ئەومان
نایەتەوە چاوی خەیاڵ
وای دایە گیان00تەمەن چ داس و کۆتەڵی ئاوا بوونە00
عەینە مەلی ئەو شەوانە لەکوێ نێژران00فڕینە کوێ00
تۆ00تۆ00لە ئامێزی باوکما00
خەزاڵێ 00گوڵێ بووی لە خوێن00
ئەویش00ئەویش00لاسێ لەئاگر و
خانەخەراب عاشقێ شێت000
خەسار دایە00هەنوکە گەر چاوەکانت
دوو ئینجانەی پڕ گڵ و لە گڵ نەبایە00
دەمووت وەرە00تۆش خۆت بنێ چەمی کفر و
نەك بەتەنێ–بناوچ–ی حەوشەکەمان
زێ خنکاو و00پێدەشت مەحشەری پەروانە و
گەڕەك گەرەکێ لە چۆڵی00
قاژوو وەکانی ووڵات خۆش بێ00
ئێستە دایە00نیشتمان تەرمێکی گەورە و
هەر خۆی گۆرستان وهەر خۆی هەزار تەرم00
وای دایە گیان00هەنووکە حاڵی مردن00
پێچاننەوەی کتێبە پەمەییەکانی زەردەی بوون و
کۆتایی شە پۆلەکانی موحیبەت و
ئاوسانی بوونە بە نەبوون000
ئای دایە گیان00ئەی نادیاری هەمیشە شین لەڕۆحمانا00
دەمێکەزۆر00زۆر دەمێکە00
بەناو پەڵە گوڵە بەرۆژەی هەواڵی یەکا نەچووین00
دەم و چاومان لەگوێ کووانووی سەردانێکدا نەشتووە00
هەنوکە من مێویکی باڵا کورت و پیر00
– ژووان – کوڕەزایەکی بەدبەخت و

– ترێ– شیرین ترین بووکی نیشتمان و
وەفاترین کچی زەوی00
ئی ی ئیرۆسا00ئەی بارانی عەزابی رێ00ئەو رێگانەم لێ وون مەکە00
من سەر پشتی هێسرێکی زامار لێرە داینام00
ماندووم00ماندووم00
دوێنێم ووڵاتی– فروغ – و ماڵی– نیما – و سوپهەری بوو00
ئەمڕۆم00ئەمرۆم مالی ئیسماعیلە گەر لێم گەرێن00
گەرمم کەوە00زەمەن تەنها نەماڵی منە نە هی تۆ00
ملی ئەو گوڵە شیعرانە ڕاست کەرەوە00ڕەنگە سبەی00
تۆ ببیتە هەراترین شیعری دوای شەڕو 00ئیسماعیلش00
یاقووتە هەنارییەکانی00لەسەر بەفری هەنێت ڕێزکا و
لێرە00هەرای00کۆڕێ سازکا00
تۆ چۆلەکەکان ڕاسپێرەو بەئاو بڵێ00
با داوەتی ئەو ماسییەکەژووڵانە بکا00
کە بەنەوە دەچنەوە سەرشیعری تەڕو
کە وەچەیان لە بابانی قەسیدەیە00
بە–با–ش بڵێ ئەگەر کرا00
ئەم فرسەت و کۆڕی عیشقە لە دەس نەدا00
هەموو ڕۆژێ00غەریێ ناگاتە ئێرە و
هەموو جارێك سەرێك نایە و00نابێتە گوڵدانی شیعر00
وای لە شیعر00ئاخۆ ئێستە00
ئێستە بەم هیجرەتی عیشق و 00بەم ئاوەدانی غوربەتە 00
هۆ گوڵەکەی ناو دۆزەخی برا کوژی00تۆش00
تۆش سەرەتای یادەوەری کام خۆرنشین00
بۆ گوڵە مۆرەکانی خۆت ئەگێڕیەوە00
ئەو چرکانەی00نزیك لە چرکەکانی هەرەس
کەوتینە ژێر پێ ی دڵۆپە سپیەکانی خۆشەویستی و
ئەو چرکانەی 00 ئەو چرکانەی 00دەممان بوو بە ماڵی نوقل
ئەو وە ختانەی من چەترەکەم لێ دەفڕانی و
تۆش بەو جلکە تەڕانەی بارانەوە
لەو پەرییانە دەچوی کە هەر خووا00
خووا لە کتێبەکانی خۆیا ناوی بردوون
- ئای گوڵەباخ دەشێ ئێستە 00دڵنەواییت بە کامە شیعر بەیتەوە 00
- خەممە 00خەممە 00شەوێ بە یەکەوە 00گەمەی خۆشەویستی نەکەین

تۆهەنار ئاوی زمان نەدا و 00کراسی یەك لەیەك دانەماڵین00
– تۆ بەسەر هەرێزی سنگما دەس نەگێری و
– من کارەبای لەشێکی ڕووت ووشکم نەکا
+ نا 00ئیسماعیل00 نا 00کۆترەکانی ڕاڕایی لە خشتەت نەبەن
من 00من00بۆ تۆ 00سروشتێك بە گەزی سروشت
من 00من 00بۆتۆ 00مەزن ترین چاوەرووانی
هاوین وەك خۆم
پایز وەك خۆم
وەرزەکانی تریش دیسان وەك خۆم
وەرزەکانی تریش دیسان وەك خۆم00

بەهاری /1998/ئەسینا